www.kurdistannet.org
14/07/2003 17:15

# گوڵدانەکەی قەچاخ پردێك بۆ پەڕینەوە بۆ ئەو دیو زەریا

میکائیل ڕەزا پور _ نەرویژ

هەندێ تایبەتمەندی و بینین و خەسلەت و جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی خۆرسکانە دوور لە کار و کاردانەوەی جوگرافی لە دایك دەبن و بە بێ ئەوەی دەرکی پێ بکات رووخسارێکی کۆسمۆ پۆلۆتی وەردەگرێت و پەیوەست نابێت بە دەڤەرێك یانیش بە کلتورێکی تایبەت.

بە درکاندێکی سەرپێی بینینە کان خۆی دەتوانێ ئینتیمای مرۆیی بجولێنێ و ببێت بە ئاوێنەیەك ماناکانی ئینسانی بوونی کەسی بەرامبەر پێشان بدات، ئەو جۆرە بەهرانەش ئەگەر زەمینەیەکی بچوکی گوزارشت لە بەهرەکانیان بۆ برەخسێ ئۆتۆماتیکیانە دەبنە ناوی جیهانی.

زۆرجاریش ئەو بەهرانە بەبێ ئاگایی خاوەن بەهرە دەچنە خانەی ڕێبازێکی ئەدەبی دیاریکراو، بەرهەمی ئەدەبی کوردیش نمونەی لەم بابەتەی زۆرە، بەڵام بەو پێیەی کە زەمینەی پەرەپێدانێکی ئەکادیمییانە بۆ ئەو بەرهەمانە نەرەخساون بەرهەمەکان بێ ناز ماون خاوەن بەهرەکان هەر لە جوغزی جوگرافیایەکی بەر تەسك ناویان دەرکردووە و ئەوانیش بوونەتە قوربانی هەلومەرجی نەخوازراوی مێژوویی، لە نێو گوڵزاری ئەدەبی کوردیش دا مەلای جەزیریو خانی و نالی و حاجی قادر لە خەڵکێکی وەك فیردەوسی و سەعدی و حافیزو خەیام کەمتر نین، بەڵام لە تەواوی ئەمریکادا یانە و سەنتەری ئەدەبی بەناوی خەیام و سەعدی هەن کەچی تا ئێستا شاعیرانی کورد جگە لە پانتاییەکی بەرتەسك کەس هەر ناویشیان نازانێ، بەداخەوە تا ئێستاش توانا و بەهرەکانی کورد بەم دەردە دەتلێنەوە و بێنازن.

لەم رۆژانەش بە ڕێکەوت هاورێیەکم دوو گوڵدانی شیعری شاعیرێکی بەناوی قەچاخ بە ئیمایل بۆ ناردم، ئەگەر چی شیعرەکان وەك ژمارە کەمن بەڵام لە ناوەرۆکدا بۆ منێك کە زمانی لاتینی شێوەزاری ڤەنزوێلی دەزانم بەهرە و داهێنانێکی گەورەم تێدا بەدی کرد و ئەو شێوازە شیعرییەی لە دانانی ئەو شیعرانە پەیڕەو کراوە پڕ رەواج ترین ڕێبازی ئەدەبی ئێستای ڤەنزوێلایە کە خەریکە بەرهەمی ئەدەبی ئەم ولاّتە باڵی خۆی بەسەر ئەدەبی ئەمریکای باشور دادەسەپێنێ

کە بەگەورەترین قوتابخانەی ئەدەبی سەدەی بیست دەژمێردرێت و دەیان بلیمەتی وەك گابریل گارسیا مارکیسی دەرخست.

ئەو شاعیرە بە بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ شێوازەکەی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان چۆتەوە سەر ڕێچکەی شیعری قوتابخانەی مەلای جەزیری لە هەمان کاتدا پیادەی مۆدێرنترین ڕێبازی شیعری ڤەنزوێلی کردووە بۆ نمونە لە دێرە شیعرێکدا دەڵێ:

گول نارنجی گول ترنجی گولە برجی حاجیلوکی

گول فیکسی کالیپتۆسی ئەمەر لێسی گوپالوکی

لە ئەدەبیاتی فەنزویلاشداشاعیرێك بە ناوی **azagoza** کە بەرەگەز عەرەبی لوبنانە لە دێرە شیعرێکدا دەڵێ:

کەفەل ڤێری شەمەل ژێلی شال رتوشە

شەرشەبیلی دەردەنیلی کال ڤەموشە

ڕێبازی ئەدەبی ئەمریکای باشور ئێستا بەو ئاراستەیە دەچێت زۆربەی ئەدیبانی ئەم ولاّتانە ئەو ڕێچکە ئەدەبیەیان گرتۆتە بەر بە شوێن ئەو بەرهەمانەش دا دەگەرێن کە لەسەر ریتمی ئەم قوتابخانەیە دە ژەنن و بە لای ئەوانەوە گرنگ نیە بەرهەمەکە بە زمانی ئەمریکای لاتینە یان نا؟. . چونکە ڕێبازەکە بووە بە بە ئەدەبیکی باو تەنانەت سەرتاپای خەڵك ئارەزووی ئەم شێوەیە دەکەن، هونەر مەندان ئاوازی بۆ دادەنێن و دەیکەن بە گۆرانی، شانۆکاران لە شانۆکانیاندا دەیکەن بە حیواری دەقەکان، نیگارکێشان دەیکەن بە دەستەواژەی روونکردنەوەی کەڤاڵەکان. بەپێی بیننینی هەندێ پسپۆر دوا رۆژی ئەدەب هەر بۆ ئەم ڕێبازەیە و خەلاّتە جیهانیەکانیش هەر بۆ سوارچاکانی ئەم مەیدانە دەبێت.

بێگومان پەیڕەوکردنی ئەم ڕێبازەش لە نێو ئەدەبی کوردیدا پرۆژەیەکی باشە، بۆ یەکەوە بەستنەوەی ئەدەبی کوردی بە بزاڤی رۆشنبیریی جیهانی. هەر بۆیەشە پێوستە پرۆژەی بەرنامە بۆ دارڕژراوی مەزن لەم ئاستەدا هەبێت و بە هەند وەربگیرێت چونکە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەچێتە خانەی خەباتی نەتەوەیی.

بۆئەم مەبەستەش پێویستە خاوەن بەهرە خۆی هەوڵ بدا بە رهەمەکانی بناسێنیٚ وەربگێردرێتە سەر زمانەکانی دیکە بە تایبەتیش ئەدەبی ئەمریکای لاتین پێویستە لە ئێستاوە خەڵکێکی زمان زانی لاتینی ڕابهێنرێن بۆ ئەوەی داهێنانی ئەدەبی کوردی بەگەلانی تر بناسێنن. یە کێکی وەك ئەو برادەرەش کەناوی قاچاخە پێویستە بەرهەمی ئەدەبی ڤەنزوێلی بخوێنێتەوە و لە گەڵ ئەدەبی ئەم ولأتە مامەڵە بکات بە تایبەتیش بەرهەمەکانی **azagoza** کە بۆ زۆربەی زمانەکان وەرگێڕدراون و هەوڵ بدات پەیوەندیی پێوە بکات، زمانزانێکی ڤەنزوێلیش پەیدا بکات بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی خۆی پیٚ وەربگێڕێتە سەر زمانی ڤەنزوێلی. بۆ ئەوەی بە ماندووبونێکی کەم ببێت بە ناوێکی مەزن لە ئەدەبی ڤەنزوێلا و جیهان.

Mrpoor_2002@yahoo.com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.